*Journal of Language Studies* Vol.10, No.1, Part 1, 2026, Pages (80-96)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P1.6

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Political Anthropology in the Collection of Stories "*Something in my Mother's Pocket*'' by Jalil Kaka Wais.

Asst. Lect. Amanj Ali Qadir*
Geography Department/ College of Education for Humanities - SaidSadiq/ University of Sulaimani
amanj.qadir@univsul.edu.iq
&
Prof. Dr. Mohamad Amin Mohamad
Kurdish Department/ College of Languages/ University of Sulaimani
Muhamad.noori@univsul.edu.iq

**Received:** 26/10/2025, **Accepted:** 02/12/2025, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract

This research, titled "Political Anthropology in the Short Story Collection 'Something in My Mother's Pocket' by Jalil Kakawais," is an attempt to introduce the concepts and terminology of anthropology in general and political anthropology in particular, and then to reflect their impact on Kurdish literature, especially short stories. The short story is an important literary genre and a significant cultural and social background for showcasing and presenting various political topics in an artistic manner. Undoubtedly, our aim in this research is to utilize a branch of a comprehensive literary

* **Corresponding Author:** Amanj Ali Qadir**, E-mail:** amanj.qadir@univsul.edu.iq.
**Affiliation:** University of Sulaimani – Iraq.
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

critical method, namely "the method of anthropological criticism." We intend to elucidate the relationship between these two disciplines, with the purpose of adopting a new approach to dealing with literary texts and highlighting the common roles played by both anthropological researchers and literary writers in their studies. The questions and hypotheses of this research are: What role does literature play within political anthropology? Can a literary text be considered an ethnographic product? Or what is the relationship between anthropology and literature? Through these questions, we arrive at the belief that the writer, through stories and literary narratives, is committed to political messages and is a guardian of culture, heritage, and the slogans of political and social beliefs, and their stories reflect the topics of literary anthropology. Here, we will try our best to present this topic to readers within the research.

**Keywords:** Anthropology, Literature, Stories, Political anthropology, Jalil kaka wais

## الانثروبولوجيا السياسية في مجموعة قصص"شيء في جيب أمي" للكاتب جليل كاكه ويس.

**م. م. آمانج علي قادر**
**قسم الجغرافية / كليةالتربية للعلوم الانسانية-سيدصادق / جامعة السليمانية**
**و**
**أ. د. محمد أمين محمد**
**قسم اللغة الكردية /كلية اللغات / جامعة السليمانية**

**المستخلص**

تتناول هذه الدراسة، المعنونة بـ "الأنثروبولوجيا السياسية في مجموعة قصص "شيء في جيب أمي" للكاتب جليل كاكه ويس"، محاولة لتقديم مفهوم ومصطلح الأنثروبولوجيا بشكل عام والأنثروبولوجيا السياسية بشكل خاص، ثم انعكاساتها في الأدب الكردي، وتحديداً القصة، كونها نوعاً أدبياً مهماً وخلفية ثقافية واجتماعية غنية لعرض العديد من القضايا السياسية وطرحها بأسلوب فني. لا شك أن هدفنا في هذه الدراسة هو استخدام فرع من منهج نقدي أدبي شامل، وهو "منهج النقد الأنثروبولوجي"، ونرغب في إبراز العلاقة بين هذين العلمين، بهدف اتباع نهج جديد للتعامل مع النص الأدبي، وإبراز الأدوار المشتركة التي يلعبها كل من الباحث الأنثروبولوجي والكاتب الأدبي في دراساتهما. تتلخص أسئلة وافتراضات هذه الدراسة في: ما هو دور الأدب في الأنثروبولوجيا السياسية؟ هل يمكن اعتبار النص الأدبي عملاً إثنوغرافياً؟ أو ما هي العلاقة بين الأنثروبولوجيا والأدب؟ من خلال هذه الأسئلة، نتوصل إلى قناعة بأن الكاتب، من خلال القصص والسرد الأدبي، ملتزم بالرسائل السياسية وحامي الثقافة والتقاليد والشعارات الفكرية والاجتماعية والسياسية، وأن قصصه تعكس قضايا الأنثروبولوجيا الأدبية. هنا، سنحاول قدر الإمكان في هذه الدراسة عرض هذا الموضوع على القراء.

**الكلمات المفتاحية:** الانثروبولوجيا، الأدب، قصة، الأنثروبولوجياالسياسية، جليل كاكهويس

*Journal of Language Studies.* **Vol.10, No.1, Part 1, 2026, Pages (80-96)**

# ئەنسرۆپۆلۆژیایی سیاسی لە کۆمەڵە چیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" لەنوسینی جەلیل کاکە وەیس.

**م. ی. ئامانج علی قادر**

**بەشی جوگرافیا/ کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان- سەیدصادق/ زانکۆی سلێمانی**

**د. پ. محمد ئەمین محمد**

**بەشی کوردی/ کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی**

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی لە کۆمەڵە چیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە "لەنوسینی جەلیل کاکەوەیس" هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوەی ئەنسرۆپۆلۆژیا بەگشتی و ئەنسرۆپۆلۆژیایی سیاسی بەتایبەتی پاشان ڕەنگدانەوەی لەئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی چیرۆک، کە ژانەرێکی گرنگی ئەدەبیە و پاشخانێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ نمایشکردنی چەندین بابەتی سیاسی وخستنەڕوویان بەشێوەیەکی هونەری. بێگومان مەبەستی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هێنانی لقێکە لەمیتۆدێکی ڕەخنەیی ئەدەبی گشتگیر، بەناوی " میتۆدی ڕەخنەی ئەنسرۆپۆلۆژی"ودەمانەوێت پەیوەندی نێوان ئەم دووزانستە بخەینەڕوو، بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێبازێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا و خستنەڕووی ئەو ڕۆڵە هاوبەشانەی، کە هەم توێژەری ئەنسرۆپۆلۆژی و هەم نووسەری ئەدەبی لەلێکۆڵینەوەکانیاندا دەیگێڕن. پرسیاروگریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی کە ئەدەب چ ڕۆڵێکی هەیە لەناو ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسیدا؟ ئایا دەکرێت دەقێکی ئەدەبی بە بەرهەمێکی ئێتنۆگرافی هەژمار بکرێت؟ یاخود پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژی وئەدەب چییە؟ لەڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە نووسەر لەڕێی چیرۆک و گێڕانەوە ئەدەبیەکانەوە پابەندە بە پەیامە سیاسیەکان و پارێزەری کلتوور و فەرهەنگ و دروشمی بیروباوەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە و چیرۆکەکانی ڕەنگدەرەوەی بابەتەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبین. لێرەدا بەپێی توانا هەوڵدەدەین لەناو توێژینەوەکەدا ئەم بابەتە بۆخوێنەران بخەینەڕوو.

**کلیلەوشە:** مرۆڤناسی ، ئەدەب، چیرۆک، مرۆڤناسی سیاسی، جەلیل کاکەوەیس.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی لەکۆمەڵە چیرۆکی شتێ لەگیرفانی دایکمدایە لەنوسینی جەلیل کاکەوەیس) هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەنسرۆپۆلۆژیایی سیاسی، کە بەشێکە لەئاراستەکانی میتۆدی ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی و هەوڵمانداوە باس لەچەمکی ئەنسرۆپۆلۆژیاو مێژوو ئامانجەکانی بکەین و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەدەب بخەینەڕوو، پاشان لەسەر چەند چیرۆکێکی نوسەر پراکتیزەی بکەین. ئەنسرۆپۆلۆژیا زانستێکی گشتیەو بەدرێژایی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و خۆی لەگەڵ سەردەمە نوێکاندا گونجاندووە، ئەدەبیش هەمیشە بەشدار و بزوتنەوەی گۆڕانکاریەکانی سەرشانۆی ئەم جیهانە بووە، ئەنسرۆپۆلۆژیا-مرۆڤناسی زانستی لێکدانەوە و هەوڵدان بۆتێگەیشتنی مرۆڤە لەهەموو ڕوویەکەوە، لەم پێناوەیشدا ئەنسرۆپۆلۆژیا پەنای بۆ سەرجەم زانستەکان بردووە، یەکێک لەو زانستانە زانستی ئەدەبە، کە وەک توخمێکی کلتووری مەعنەوی کەرەستەیەکی خاو ومتمانە پێکراوی ئەنسرۆپۆلۆژی خۆی دەنوێنێت. ئەدەبیش درێغی ناکات لە هاوبەشیکردن و تەواوکاری لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکاندا، چونکە دەکرێت زۆربەی گوزارشتی زانستە جۆربەجۆرەکان لەئەدەبدا ڕەنگ بداتەوەوبەپێی میتۆدە جیاوازەکان کاریان لەسەر بکرێت بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە جیهان و مرۆڤ وداهێنانەکانی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەناساندنی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسیدا دەبینێتەوە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ زانستی ئەدەبدا دەخاتەڕوو بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی پەیامە سیاسیەکان لەناو دەقی چیرۆکەکاندا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوە زانستیانەی، کە کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە لە ڕوانگەی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی و یەکەم جارە لەم ڕوانگەوە کۆمەڵە چیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" خراوەتەڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی میتۆدی وەسفی شیکاری کراوە و لەڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە "الأنثروبولوجی التحلیلي- التفسیري" وەسف و شیکاری و لێکدانەوەکان لەشێوەی تیۆری و پراکتیکیدا خراونەتەڕوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەدوو بەش پێک دێت، هەربەشێکیش دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک لەبەشی یەکەم و لەتەوەری یەکەمدا چەمک و زاراوەی ئەنسرۆپۆلۆژیا خراوەتەڕوو، لەتەوەری دووەمدا مێژووی ئەنسرۆپۆلۆژیاوئامانج وگرنگیەکەی خراوەتە بەرباس. هەروەها لەبەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا و لەتەوەری یەکەمدا پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژیاو ئەدەب بەگشتی خراوەتەڕوو، لەتەوەری دووهەمیشدا پراکتیزەکردنی ئەنسرۆپۆلۆژیایی سیاسیی لەکۆمەڵەچیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" کراوە

**ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی لەکۆمەڵە چیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" لەنوسینی جەلیل کاکەوەیس:**
**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم: چەمک وزاراوەی ئەنسرۆپۆلۆژی-Anthropology/ مرۆڤناسی/ علم الإنسان:**

دەستەواژەی مرۆڤناسی ، واتە (ئەوزانستەی توێژینەوە لەسەر مرۆڤ دەکات.) (شوانی،٢٠١٣ ،٥٠) لەڕووی زمانەوانیەوە (لەبنچینەدا وشەیەکی گریکیەو لەدوو بەش پێکهاتووە (Anthropo) واتە مرۆڤ و (Logy) واتە زانست، هەردووکیان مانایەکی نوێ دەبەخشن و گوزارشت لە چەمکێکی لێکدراودەکەن ودەبنە زانستێک توێژینەوە لەسەرمرۆڤ بکات).(هەمان سەرچاوە،٥٠) لەزمانی کوردیدا زاراوەی "مرۆڤناسی" بۆ بەکاردەهێنرێت. ڕەشاد میران لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی "کورد لە ئەنترۆپۆلۆگیای سروشتیدا" ئاماژە بە زاراوەی ئەم زانستە دەکات و لە جیاتی پیتی (ج) پیتی (گ) بەکار دەهێنێت، هەر بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: ( جێگەی سەرنجە پسپۆڕانی عەرەب بۆ ئەم زانستە دەنوسن (انثروبولوجیا) ئەوەیش، چونکە پیتی (گ و پ) لە ئەلف و بێی عەرەبیدا نین، کەچی پسپۆڕونووسەرانی کورد وەکو بڵێی ئەو دوو پیتە لەکوردیدا نەبن، بەهەمان شێوەی عەرەبی دەنووسن: ئەنترۆبۆلۆجیا، یان ئەنترۆبۆلۆجی، هەروەهاش بۆ (سۆسیۆلۆجیا، ئەتنۆلۆجیا و...) کەچی وشە یۆنانی- لاتینیەکە بە (G) دەنوسرێ Anthropology کوردیش ئەوپیتەی هەیە (گ)وکاتێکیش (ی) بەدوادا دێ، دەنگەکەی قورستر دەبێ، وەکو: گیان ، گێ، گیا... ئەمە بێ ئاگا لەوەی کە دەنگی پیتی (ج) لای کورد سوک دێتە بەرگوێ ، (جەمیل، جوان، جیاواز، خەرجی، جەنجەڕ) و جیایە لە عەرەبیەکەی. بۆیە گرنگە بەڵکو پێویستە نووسینمان بە کوردی بێت). (میران،٢٠٢٠، ١٧-١٧٢ ).ئاشکرایەکە زاناو پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆژی، "ڕەشاد میران" بۆ بەکارهێنانی زاراوەکە گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی زاراوەکە، کە وەک وتمان زاراوەیەکی لاتینی گریکیە، لەم بارەیەوە ئێمە پێمان وایە کە لەبەر ئەوەی پیتەکانی (ت، پ، گ، ج، ژ ) لە ئەلف و بێی کوردیدا هەن، ئاساییەو دەکرێت هەرکامیان بەکار بهێنرێت، وەک ( ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆجیا، ئەنترۆپۆلۆگیا ) بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو پیتی (th) ی لاتینی و (ث) ی عەرەبی لە کوردیدا نین ، پیتی (س) دەتوانێت جێگایان بگرێتەوە، بۆیە پێمان باشە زاراوەی (ئەنسرۆپۆلۆجی) بۆ بەکار بهێنین، هەرچەندە ، وەرگێڕنەکەیشی کە لەزمانی کوردیدا دەبێت بە (مرۆڤناسی) هیچ گرفتێکی نییە و هەمان واتاو مەبەستی زانستەکە وەکو خۆی دەخاتەڕوو. هەرچی سەبارەت بە چەمکی ئەم زانستەیە ، دەکرێت بڵێین چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆزانستی مرۆڤناسی کراوە، کە ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بوترێت زۆربەیان، یان هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە دەوترێت: مرۆڤناسی، وەک زانستێک لە زانستی مرۆڤایەتی، (بەوە پێناسە دەکرێت کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ دەدات، لە ڕووی بەهای جوانی و ئایینی و ئەخلاقی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دەستکەوتە کەلتوورییەکانی) (ناریمان،لیلة،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٩) هەر وەک چۆن (بێرتی ج. بێلیتۆ- Bertie J.Belleto) پێناسەی مرۆڤناسی دەکات بەوەی کە،(ئەنترۆپۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و کارەکانی). (هەمان سەرچاوە،٩) .کەواتە ئەنسرۆپۆلۆژیا زانستێکە تایبەتە بە مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و بایەخ بە هەموو جۆرە مرۆڤێک دەدات لە هەر کات و سەردەمێکدا بێت، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پێشکەوتن وگۆڕانکاریەکانی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدادەڕوات، ئەنسرۆپۆلۆژی لە مرۆڤ وگەشەکردنی وجیاکردنەوە ی لە بونەوەرە زیندووەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، هەروەها پەیوەندی بە داب و نەریت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئایین و سیاسەت و ڕۆشنبیری و چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە هەیە، مارگرێت مید Margeret meed مرۆڤناسی بەناوبانگی ئەمریکی (١٩٠١ـ ١٩٧٨ ) بەناوبانگە بە لێکۆڵینەوەکانی کە، تاچەند کلتوور کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی هەیە، دەڵێت: (ئێمە تایبەتمەندی بایۆلۆجی و کەلتووری مرۆڤ و ڕەگەزەکانی مرۆڤ بە درێژایی کات و لە هەموو شوێنێک وەسف دەکەین، ئێمە تایبەتمەندی بایۆلۆجی و کەلتووری ناوخۆیی شی دەکەینەوە کە لەمرۆڤدا پێکەوە بەستراون، یان گرێدراون بەیەکەوە و گۆڕاون لەڕێگەی نموونە و پێوەرەکان و ڕێبازە پێشکەوتووەکانەوە، هەروەها ئێمە بایەخمان بە ڕەچەتە و شیکردنەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و تەکنەلۆژیا داوە). (بوعديلة، عفايفية ،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٥ ). ئەمەیش چەمکێکی قوڵی ئەنسرۆپۆلۆژی دەخاتەڕوو، سەبارەت بە خستنە ڕووی هەموو لایەنەکانی مرۆڤ و ژیانی، لە جیاوازی ڕوخساری مرۆڤەکان بە باڵاو ڕەنگ و جیاوازیە بایۆلۆجیەکانی نێوان ڕەگەزی مرۆڤ و بەراوردی مرۆڤی سەرەتای و هاوچەرخ بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندن لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە کلتووری مرۆڤ بە هەردوو جۆرەکەیەوە چ ماددی بێت وەک کەرەستەو شێوازی بیناسازیەکان و... یان مەعنەوی کە خۆی لەزمان و فەرهەنگ و جۆری بیرکردنەوەو... خۆی دەبینێتەوە. هەروەها بەگشتی سیستەمەکۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ، یەکاڵا دەکاتەوە، ئەمەیش هاوتایە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی کە (ئیدوارد تایلور – Edward Brunett Tylor ١٨٣٣-١٩١٧ ) بۆمرۆڤناسی کردووە و دەڵیت: ئەنسرۆپۆلۆژی(توێژینەوەی بەراوردکاری زیندەکەلتوری مرۆڤە کاتێک هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان دەرکەوتە بایۆلۆژیە بۆماوەییەکان ئاشکرا بکات، کە، مرۆڤی بایۆلۆجی بە میرات ئەو پەروەردە وپەروەردەکۆمەڵایەتییەی وەردەگرێت.لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤناسی مامەڵە لەگەڵ بابەتە جیاوازەکانی زانست و بوارەکانیدا دەکات کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە). ( الشماس،٢٠٠٤ ، ١٤ ). ئاشکرایە، کە هەریەکێک لەوپێناسانە بگری، ڕەهەندێکی وردو فراوانتر لەسەر زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا دەخاتەڕوو، وەک ئەوەی لەم پێناسەیەی (ئیدوارد تایلور) دا ئاماژە بە زیندەکلتوور دەکات، واتە گۆڕانی کلتووری بە پێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەوەی شایەنی باسە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، ئەنسرۆپۆلۆژیایش زانستێکە دەربارەی مرۆڤ، بۆیە ڕەنگە پێناسەکان نەتوانن، بە وردی و بێ کەم و کورتی مەبەستەکە یان بپێکن، هەرلەبەر ئەمەیە، کە پێمان وایە ئەو چەمکانەی فۆڕم و واتا گەلێکی گشتی دەنوێنن، بتوانن تاڕادەیەک، لە گشتەوە بۆ بەش، نوێنەرایەتی چەمکی ئەم زانستە بکات، بۆ نموونە دەوترێت: ( مرۆڤناسی ئەوزانستەیە توێژینەوەلەسەر مرۆڤ دەکات، بەوپێیەی بونەوەرێکی سرووشتی و کۆمەڵایەتیە) (شوانی،٢٠١٣، ٥١) وەک لە پێناسەکەدا دەردەکەوێت، هەموو جەمسەرەکانی بابەتی مرۆڤناسی لەخۆدەگرێت بەتایبەتی ئەنسرۆپۆلۆژیای سروشتی و کۆمەڵایەتی، یان دروستترە بڵێین ئەمە پێناسەیەکی فراوانی مرۆڤناسیە، ڕووە سروشتیەکەی (تەواوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەم بوونەوەرە چۆن درووست بووە و چۆن گەشەی بایۆلۆژی کردووە، جیاوازیە جەستەییەکانی لەگەڵ ئاژەڵانی تردا چیە و خاڵە هاوبەشەکانی کامانەن، واتە ئەرکی ئەم زانستە دەبێتە ڕوونکردنەوەو سەلماندنی زانستی چۆنیەتی درووست بوونی مرۆڤ، لەڕووی بایۆلۆژیەوە، دیوەکەی تری کاری ئەم زانستە دەبێتە توێژینەوە، لەمێژووی بەرهەمە هزری و مادیەکانی مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، نەک هەر مێژووی بەڵکو شیکردنەوەی ڕەوشی ئێستای مرۆڤیش.) (هەمان سەرچاوە، ٥١) لەڕاستیدا هەروەک لەو ناساندنەی سەرەوەیشدا دەردەکەوێت زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی، تەنیا گرنگی بە ئێستا و داهاتووی مرۆڤ نادات بەڵکو لە ڕابردووی مرۆڤیش دەکۆڵێتەوە و پاشان بەراوردی دەکات بە ئێستا و پێشبینیەکانی بو داهاتوویش دەخەملێنێت، بەچەندین پێوەر، کە، گەشەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، بەپێی سەردەمەکان و تەکنەلۆجی و جیهانگیری و...هتد بەشیکن لەو پێوەرانە. هەر سەبارەت بە چەمکی ئەنسرۆپۆلۆژی لێڤی شتراوس Levi Strauss دەڵێت: ( مرۆڤناسی زانستێکە کە ئامانجی زانینی تەواوە). ( مبروك،٢٠٢٢، ٥٤) زانینی تەواو بە مانای شارەزابوون و ناسینی هەموو ئەو باباتانەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە، گشتگیری مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ درێژکراوەی مێژوویی و دەوروبەری جوگرافیدا، هەروەها ( لە ڕێگەی بابەتەکانی مرۆڤناسیەوە ئێمە دەتوانین یاسا گشتییەکانی ژیانی مرۆڤ دیاری بکەین، چ لە گەلانی سەرەتایی بێت یان مۆدێرن. جگە لەوەیش بابەتەکانی مرۆڤناسی بە گوێرەی قوتابخانە و ئاراستەکان جیاوازن لەوانە مرۆڤناسی پراکتیکی ، کەلتووری ، جەستەیی ، پەروەردەیی ، ژینگەیی ، ئابووری ، سیاسی ، ئایینی.) (هەمان سەرچاوە،٥٤) لێردا دەکرێت بڵێین زانستەکان، بەگشتی داهێنانی مرۆڤەکانن، سروشتی مرۆڤناسیش بەجۆرێکە کە وەک وتمان لە خودی مرۆڤ و دەوروبەری دەکۆڵێتەوە، ئەمەیش وامان لێدەکات لەبەشەکانی داهاتوودا بەپێی پێویستی توێژینەوەکە، پەیوەندی ئەم زانستە بەزانستی سیاسیەوە بخەینە بەرباس. بەکورتی، (پرسی سەرەکی و کێشەی بنەڕەتی مرۆڤناسی، مرۆڤە بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، هەر لەپەیدا بوون و دەرکەوتن و پەرەسەندنی بایۆلۆژیە وە، هەتا دروستکردنی

خێزان و بنەماڵەو گەورەبوونی بنەماڵەکان و خێڵ و میللەت و نەتەوەو کەرەستەو ئامێرو بیروباوەڕو ئایین و لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم بوونەوەرە.) (شوانی،٢٠١٣، ٥٢)

### تەوەری دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی ئەنسرۆپۆلۆژیا: Anthropology

هەرزانستێک لەزانستەکان مێژوویەکی دیاریکراوی بۆخۆی هەیە، بێگومان زانستی ئەنسرۆپۆ لۆژیش بێ بەش نییە لەو مێژووە و بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، لەپاش ئەوەی پێشتر ناساندنمان بۆ ئەم زانستە کرد، ئێستا هەوڵدەدەین لەبارەی مێژووی سەرهەڵدان و گەشە کردنی بدوێین. (ئەم بونەوەرە ناوازەیە، کە، پێی دەوترێت مرۆڤ، هەمیشە بابەتی تێڕامان و لێکۆڵینەوە بووە، لەلایەن زانستە سروشتی و مرۆییەکانەوە.) ( فهیم،١٩٨٥، ١٣) لەهەمان کاتدا خودی مرۆڤ بەردەوام بەدوای ناسینی خۆیدا گەڕاوە، ئەو پرس گەلانەی مرۆڤ لەخۆی کردووە بونەتە هەوێنی زانستە جۆربەجۆرەکان و زانستی فەلسەفە بەتایبەتی، وەک ئاماژەمان پێدا مرۆڤ لەکۆنەوە سەرنجی لەو جیاوازیانە داوە، کە لەنێوان ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا هەبووە، لە تایبەتمەندیە فیزیکیەکان و زمان و لەڕەنگی پێست و باڵا، هەروەها حەزیکردووە سرشتی مرۆڤ بناسێت لە داب و نەریت و ئاین و بیرکردنەوەو سەرجەم لایەنەکانی تری ژیان، لەچوار چێوەی ئەم حەز و پرسانەدا، توێژینەوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە پێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە، هەتا داهاتنی زانستێک بەناوی "ئەنسرۆپۆلۆژی- مرۆڤناسی". لەڕووی مێژووی بەکارهێنانەوە، وەکو چەمک، نەک بەم مانایەی ئێستا ئێمە بەکاری دەهێنین، (یەکەم کەس کە بەکاری هێنابێت، "ئەرەستو" بوو کاتێک ویستویەتی، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی دیاریکراو وەسفی مرۆڤەکان بکات و بەپێی هەندێ خەسڵەت پۆلێنیانی کردووە و بۆدەربڕینی مرۆڤناسی چەمکی ئەنترۆپۆلۆژی بەکارهێناوە، دواتر لەسەدەی شازدە لەساڵی "١٥٩٣" لەزمانی ئینگلیزیدا بەکارهاتووە) (شوانی، ٢٠١٣، ٥٠-٥١). کەواتە لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە هەرچەندە وەکو چەمک مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام (بەکارهێنانی ئەم چەمکە بەشێوەیەکی کردەیی، لەگەڵ کۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی بیست دەستی پێکرد.) (تیلوین، ٢٠١١، ١٧) بنەمای چۆنیەتی ئیشکردنی ئەم زانستە بە پێی قۆناغەکان گۆڕانکاری تێیاندا ڕوویداوە، هەروەک چۆن لەو ماوەیەدا و ( لەناوەندە کلتووریە ئەنگلۆساکسۆنیەکاندا "بەریتانیا و ئەمریکا" ییەکان زۆر بایەخی پێدەدرا، لەو قۆناغەدا گرنگی بە ئەنترۆپۆلۆژیای بایۆلۆژی یان فیزیکی دەدرا، واتە لە توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکاندا جەستە تەوەری بایەخ پێدان بوو، پاش ئەمە ئەو دوو بابەتە، ئەنترۆپۆلۆژیای بایۆلۆژی و فیزیکی لەیەک بابەتدا کۆکرانەوەو ناونرا ئەنسرۆپۆلۆژیا ی کۆمەڵایەتی). (هەمان سەرچاوە، ١٧). ئەوەی شایەنی باسە، مەرج نیە لە هەموو وڵاتاندا چەمکی ئەنسرۆپۆلۆژی بەکار بهێنن، بەڵکو لەهەندێ وڵاتدا لەبەرانبەر ئەم زاراوەیە، ئیتنۆگرافیا بەکاردێنن، (ئیتنۆگرافیا و ئەنترۆپۆلۆگیا دوو زانستی تا بڵێی لێک نزیک و ڕەنگە بابەتەکانیشیان بەڕادەیەکی زۆر هاوبەش بن، بگرە لەهەندێ وڵات ناوی ئەنترۆپۆڵۆگیای کلتووری بۆ ئەمەی یەکەم بەکار دێنن – وەکو لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، لەهەندێکی تریش ناوی ئیتنۆلۆگیا – لەئەوروپا بەگشتی، لەهەندێ شوێنیش هەردوو ناو باون – ئیتنۆگرافیا بۆ وەسفکاری میللەتانی سەرەتای و کلتوورەکانیان، ئیتنۆلۆگیا بۆ شیکاری زانیاریی ئیتنۆگرافی، هەرچی لە ڕوسیایە ئەنترۆپۆڵۆگیا تەنیا سروشتیە، ئێتنۆگرافیاش بۆ هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کلتووری، زێتریش بۆ لایەنی نەتەوەیی کۆمەڵبوونە مرۆییەکان). (میران، ٢٠٢١، ١٣٥). دەکرێت بڵێین ئەنسرۆپۆلۆژیا بە یەکێک لەو زانستانەی مرۆڤ دادەنرێت، کەناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ( ئەنگلۆساکسۆن و بەشێوەیەکی دیار لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمە بێ ئەوەی فرانکفۆنیەکان - فەرەنسا لەبیر بکەین کە چووە ناو نەخشەی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لەڕێگەی کۆمەڵێک ناوی نێودەوڵەتی، وەک کلۆد لیڤی شتراوس و جۆرج دومێزیل و مارسێل ماوس.) (بڕوانە تیلوین،٢٠١١، ٩-١٠). ئەوەی جێگای وتنە بەکورتی و بەگشتی ئەنسرۆپۆلۆژیستەکان، لەبارەی مێژوویەکی دیاریکراو بۆ ئەم زانستە ناکۆکن، بەڵام ڕەنگە وەڵامی ئەم جیاوازیانە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد پەیوەست بێ بەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێ ئەنسرۆپۆلۆژی چییە؟ لەوەڵامدا دەڵێین زانستێکە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و هەموو زانستێکش مێژووی خۆی هەیە، تەنانەت زانستی ( مێژوویش مێژووی خۆی هەیە، کەلەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد دەست پێ دەکات، بۆیەکا مێژووی مێژوو لەمێژووی گشت زانستەکانی تر دوورودرێژترە.) (مەزهەر،١٩٨٣، ٣٧) ئەم هاوکێشەیەش پێمان دەڵێت، داهاتنی مێژوو پەیوەستە بە مرۆڤەوە، ئەنسرۆپۆلۆژیش لەمرۆڤ دەتوێژێتەوە

هەربۆیە هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی مێژووداو بە ئەندازەی مێژووی مێژوو کۆنە، جا بە زارەکی و بە چیرۆک و ئەفسانەو خەیاڵ گوازرشتی لێکرابێ یان بە پەیوەندی خێڵەکی و ژن و ژن خوازی و بازرگانی و هتد... ئەوەی، کە گرنگە مرۆڤایەتی لە چ کاتێکەوە بەم زانستە ئاشنایە، بێگومان، (ئەگەر ئێمە خۆمان سنوورێک بۆ مرۆڤناسی وەک لقێکی زانست دابنێین، هەندێک ڕەگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەیەم، هەندێکی تر مشتومڕی ئەوە دەکەن کە مرۆڤناسی تا پەنجاکانی سەدەی هەژدەهەم وەک زانست دەرنەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک دەڵێن توێژینەوەی مرۆڤناسی بە مانای ئێستا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکردووە). (الريس، ٢٠١٤، ١٣). لەم بەینەدا ئێمە ناتوانین خۆمان لەم ناڕوونیانە بەدوور بگرین، بێ گومان ( ئەنسرۆپۆلۆژی وەک زانستی مرۆڤ، لەچەند وڵاتێک سەری هەڵداوە نەک ئەوەی، کە ئێمە بەنادرووستی و بەشێوەیەکی گشتی پێی دەڵێین ڕۆژئاوا، چونکە بەشێوەیەکی بەرچاو لەسێ بۆ چوار نەتەوەی ڕۆژئاوا هاتە ئاراوە، کە بریتی بوون لە فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکاو دوای جەنگی جیهانی دووەمیش ئەڵمانیا). (هەمان سەرچاوە، ١٣-١٤) کەواتە ئەنسرۆپۆلۆژی لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەشێکە لە مەعریفە و زانستی ئەوروپیەکان و پەیڕەوکارانیشی سەرچاوەکەی دەگەڕێننەوە بۆ یۆنانیە کۆنەکان، کە هەتا ئەمڕۆ لەڕووی بابەت و شێوازی کارکردنیەوە بەچەندین قۆناغی مێژوویدا تێ پەڕیوە. سەبارەت بە ئەنسرۆپۆلۆژیا لای نەتەوەی کورد بێگومان دەکرێت بڵێین لەسەرەتادا ناوهێنانی نەتەوەی کورد و باسکردن لە کلتور و داب و نەریتی ئەم نەتەوەیە، لەهەناوی ڕۆژهەڵاتناسیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو پێیەی کوردیش نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتیە، کەوتۆتە بەر دید و خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لەم سەروبەندەدا ( کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسیەوە سەر هەڵدەدات.) (ناوخۆش،خۆشناو.عبدالله،٢٠١٦، ١٣) پاشان لە ڕۆژهەڵاتناسی جیا دەبێتەوە و چەندین کوردناسی بیانی بەدیدەکرێت کە لەبارەی نەتەوەی کوردەوە نوسیویانە. هەرچەندە مێژووی ئەو نووسەرانە کوردانەی کە لەبارەی نەتەوەی کوردەوە نوسیوویانە مێژوویەکی کۆنە و زۆر هەڵدەگرێت، ئەگەر لەسەری بدوێین، بەڵام لەسەدەی "١٦" هەمدا، مێژوو نوسانی کورد بەرچاو دەکەون، کە ڕۆڵیان هەبووە، لەناساندنی کورد بەدنیا وەک ( خەسرۆخانی ئەردەڵانی کتێبی "تاريخ الاردلان" لە "١٥٥٧ز" بەفارسی نوسراوە، شەرفخانی بەتلیسی خاوەن کتێبی شەرەفنامە، کە لەساڵی "١٥٩٦" بەفارسی نوسراوە، سەید علی ڕەئیس، لەساڵانی "١٥٥٣-١٥٥٧" لەگەشتنامەیەکی خۆیدا باسی سەرتاپای کوردستانی کردووە و کتێبەکە کراوەتە فەرەنسی، هەروەها ئیبراهیم مەلا حسەینی ئەردەڵانی، خاوەنی "تاريخ الاردلان" کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا بەفارسی نوسراوە.) (پیرباڵ، ٢٠٠١، ١٩) دەبێ ئاماژە بەوەیش بدەین، کە هەر لەسەدەی حەڤدەهەمدا شاعیر و نوسەر و ڕوناکبیری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی١٦٥٠-١٧٠٧) (مستەفا، ٢٠٠٨، ١) ئاوڕێکی زانستی لە لەنەتەوەکەی داوەتەوەو زۆرێک لە کەرەستەو مەتریاڵی ئێتنۆگرافی کوردی خستۆتەڕوو، وەک لە (چیرۆکە شیعری "مەم و زیندا" بەڕاشکاوی پرسی نەتەوەیی وروژاندووە و وەسفێکی تا بڵێی جوانی گەلێ لایەنی کلتووری ناوچەکانی جزیرە و بۆتان دەکات، وەک "دیوەخان، میوانداری، ڕاو وشکار، زەماوەند و بوک گواستنەوە و هتد..) (میران، ٢٠٢١، ١٧٩) لەپاشدا زانای گەورەی کورد ("مەلا مەحموودی بایەزیدی" (١٧٩٩-١٨٦٧) دۆست و هاوڕێی ئەلیکسەندەر ژابا ( ١٨٠٣- ١٨٩٤ ) کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ژابا، بەهاوکاری مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەنجام دراون و سێ چارەکی ئەدەبیاتی پەخشانی کوردی سەدەی نۆزدەهەم پێک دەهێنن.) (بڕوانە پیرباڵ، ٢٠٠١ ،٣٧) بەتایبەتی کتێبەکەی بایەزیدی بەناوی ( "عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە" کە زیاتر لە ١٦٠٠ داب و نەریتی کوردەواری لەخۆگرتبوو.) (میران، ٢٠٢١، ١٨٢) دەتوانین بڵێین زۆر بەرهەم و نوسراوی نوسەرانی کورد هەیە، کە گوزارشت لە ئێتنۆگرافیای کورد بکەن، کە دەکرێت لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا ئاماژە بەم بابەتە بکرێت.

**بەشی دووەهەم:**

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژیاوئەدەب:**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەدەب هونەرە و پاشان داهێنانە ئەم داهێنانەیش زۆرجار واتایەکی کلتووری هەیەولەلایەن کۆمەڵێکی ناسراوی ناو گەلێکەوە پێشکەش دەکرێت وەک دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیە کان و بیرو باوەڕی ئاینی و سیاسی و پەیوەندی خێزانی و حەزوچۆنێتی شێوازی ژیانیان. ئەدەبیش ئەم وێنانە بەشێوازی ڕەمزی یان هێمایی

پێشکەش دەکات، کەچەندین واتاوکاریگەری لەخۆ دەگرێت و چێژێکی هونەری و کلتووری بەوەرگر دەبەخشێت . هەتا ئەم داهێنانە ئەدەبی و هونەرییانەیش هەڵگری ناوەڕۆکێکی کلتووری بن ئەوا زیاتر (ئەم هونەرە دەکاتە بابەتێکی ئەنسرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و کلتووری. ئەم پسپۆڕیەیش بە ئەنسرۆپۆلۆژیای هونەری ناسراوە، ئەگەر توێژینەوەکە سنووردار بکرێت بەبواری زمان وهێماکان و ئەوسیستەمانەی کەهەڵگری واتان، هەروەها بەئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی ناسراوە بەوپێیەی توێژەری ئەنسرۆپۆلۆژی لەبواری ئەنسرۆپۆلۆژی ئەدەبدا ڕەخنەگرێکی هونەری نیە، بەڵکو زیاتر حەزی بەئاشکراکردنی بەستێنی کلتووری و کۆمەڵایەتیە لەکۆمەڵگادا.) (بایة، ٢٠١٠، ٣٦-٣٧) کەواتە ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی لەتوێژینەوەدا یارمەتی ئەنسرۆپۆلۆژیست دەدات سەبارەت بەو (ڕێسا نائاگاییانەی، کە لەهەموو کۆمەڵگە کاندا بوونیان هەیەو لەسەربنەمای بیروباوەڕودابونەریتیان دامەزراون.) (هەرئەوسەرچاوەیە ،٣٧) ئەم ڕێساوداب و نەریتانەیش بەرهەمێکی ناوخۆییە و شوناسنامەی هەرگەل و نەتەوەیەکەو مێژوویەکیدوورودرێژیان هەیە. واتا هەموو ڕەوتی ژیانمان لەناو ئەدەبیاتی ئێمەدا پەنگ دەخۆنەوە، بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستایش پەیوەندی نێوان (ئەدەب و ڕۆحی کۆمەڵگەی خۆمان نەدۆزیوەتەوە، لەگرنگی پەیوەندی نێوان کلتووری زارەکی و کتێبەکانی خۆمان تێ نەگەیشتووین، پردێکمان لەنێوان هونەر و پەروەردەدا بنیات نەناوە، دەسەڵاتی هونەر و ئەدەبیاتمان لەئیدارەدانی پێکەوە گرێدانی کلتووروکۆمەڵدا بەرچاو نەخستووە، لەکاتێدا جۆری ئەدەبی دەتوانێ مەودای کاریگەری خۆی لەبەرامبەر توێژەکانی کۆمەڵدا پیشان بدات.) (ئیسکارپیت،٢٠١٨، ١٦) لەبەرئەوەی دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەم مانا کلتووری و کۆمەڵایەتیانەیە، بۆتە جێگای سەرنجی پسپۆڕیە جیاوازەکان لەزانستەمرۆییەکاندا لەم چوارچێوەیەیشدا (مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی خۆی لەخۆیدارەنگدانەوەیە لەسەر پرسی نوێنەرایەتی کردن بەتایبەتی نوێنەرایەتی کردنێکی ڕەمزی، واتا ئەو چوارچێوە ئەنسرۆپۆلۆژیە فراوانەی کەداوای دانانی دەقی ئەدەبی دەکات لە سنووری ئەو کۆمەڵە بەرهەمانەدا، کەمرۆڤ لەرێگەیەوە هەوڵی ناسینی جیهان دەدات.) (بایة،٢٠١٠، ٣٧) "ئیدوارد سەعید" پێی وایە لەدوای ڕەوتی کۆڵۆنیالیزم ئەوەی لە ئەنسرۆپۆلۆژیدا گرنگە ئەنسرۆپۆلۆژ یای پۆست مۆدێرنە "Postmodern Anthropology" کە ڕەوتێکە بەگشتی ئەوزانایانە لەخۆدەگرێت، کە کاریگەری (تیۆری ئەدەبییان لەسەرە، یان وردتر تیۆریستە مۆدێرنەکان لەبوارەکانی نوسین و گوتار ونەخشەکانی دەسەڵاتدا، وەک "فۆکۆ Foucault" و "ڕۆلان بارت Roland – Barthes" و "جاک دریدا-Jacques Derrida" و"کلیفۆرد گێرتز-Clifford Geertz" و"هایدن وایت-Hayden White".) (سعيد،١٩٩٢، ٢٦-٢٧) بەپێی تێڕوانینی زانستە مرۆڤایەتیەکان ئەدەب قەوارەیەکی یەکگرتووە و ناتوانرێت پێکهاتە زمانیەکەی لە چوارچێوەکەی یان لەژینگەکەی جیا بکرێتەوە، وەک ئەنسرۆپۆلۆژیست "جیلبێرد دوران" دەڵێت: ( زانستە کلتووریەکانی وەک ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانرێت لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان جیابکرێنەوە. وەک چۆن ناراستە کۆمەڵناسیەکان بەبێ پشت بەستن بەلایەنی کلتووری کۆمەڵگا، یاخود نزیک بوونەوە لەکلتوور بەبێ بنەمای کۆمەڵایەتی و بەبێ بنەمای جەماوەری وەک "ڕیچاردڤاگنەر" دەیویست خۆی لەخۆیدا بێ مانایە.) (بایة، ٢٠١٠، ٣٨) بۆیە لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆژی لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا بەبێ کارکردن لەسەر ئەو چوارچێوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتووریانەی تێیدا درووست بوون کارێکی تەواونابێت. شایەنی باسە ئەو بەرهەمانەی لەلایەن ئەنسرۆپۆلۆژیستەکان یان کۆمەڵ ناسەکانەوە پێشکەشی کۆمەڵگا دەکرێن جیاوازە لەو بەرهەمانەی، کە داهێنەرە ئەدەبیەکان لەرێگای "هۆنراوەیەک، ڕۆمانێک، چیرۆکێک، یان شانۆ و درامایەک" و هەربەرهەمێکی تری ئەدەبیدا دەیخەنەڕوو. هەرچۆنێک بێت بەرهەمە ئەدەبیەکان (لەلێکدانەوە ڕەمزیەکاندا بۆ واقیع، ڕەنگێکی هونەری جوان بەبەرهەمەکان دەبەخشن و لایەنی واقیع و خەیاڵی ئەفسانەیی تێکەڵ دەکەن.) (بایة،٢٠١٠، ٣٨) هەر ئەم بابەتەیە، کە ئێمەی پەلکێش کرد بۆئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە جگە لەوەی کەرەستە ئەنسرۆپۆلۆژیەکان لەناو بەرهەمەکانی "جەلیل کاکەوەیس"دا بەڕوونی بەرچاو دەکەون، ئەو شێواز و تەکنیکەی، کەنووسەر لەنەخشاندنی کاراکتەر و کەرەستە ئەنسرۆپۆلۆژیەکاندا لەنێوان واقیع و خەیاڵی ئەفسانەییدا بەکاریهێناوە و گونجاندوونی، دەتوانین بڵێین: لەگەڵ واقیعە ژینگەییەکانی نەتەوەکەیدا جوانیناسیەکی ئەفسوناوی هێناوەتەئاراوە، کە هەموو دژبەرەکان تێیدا کۆبونەتەوە وەک " ژیان و مردن، خۆشی و ناخۆشی، چاک و خراپ، زۆردار و چەوساوە، گەشبینی و نائومێدیی و هتد.. جگە لەپرسەکانی وەک شوناس و زمان و کەلتوور و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و بابەتە ئەنسرۆپۆلۆژیەکانی تر، کە جێگای بایەخ و گرنگی پێدانە. ئەنسرۆپۆلۆژیستی کلتووری "کلیفۆرد گێرتز" (لەساڵی "١٩٧٣"دا جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی کلتوور ودەقدا کرد و نیشانیدا، کەکلتووری گروپێک لەکۆمەڵە دەقێک زیاتر نیە، کە مرۆڤناس هەوڵی خوێندنەوەی دەدات.) (غني،٢٠٢١، ٩) دوای نزیکەی دە ساڵ "جەیمس کلیفۆرد و جۆرج مارکۆس" لەکتێبەکەیاندا بەناوی "الثقافة شعرية الاثنوغرافيا و سياستها" ئیتنۆگرافیای شیعری کلتووری و سیاسەتەکانی" بەدوادا چونیان بۆچەمکی کلتوور لەدەقدا کرد لەچوارچیوەی نوسینی ئیتنۆگرافیدا و (ئاماژەیان بەبوونی چەندین چەمک و تەکنیکی

ئەدەبی کرد لەپراکتیکی نوسینی ئەنسرۆپۆلۆژیدا. ئەمەیش وایکرد "مارگرێد مید" و "ئیدوارد ساپیر"و "ڕوس بندکت"هەم وەک مرۆڤناس و هەم وەک نوسەری ئەدەبی بیربکەنەوە. بەبەڵگەی ئەوشیعرانەی، کە لەچەندین گۆڤاری ئەدەبی گرنگدا بڵاویان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوباسە بەر هەمدارانەی لەبارەی دەقە شیعریەکانیانەوە کردوویانە.)(هەمان سەرچاوە،٩) هەرچەندە ئەنسرۆپۆلۆژیا بەلێکۆلینەوەی هەمەلایەنی مرۆڤ وپێشکەوتنەکانی بەدرێژایی مێژوو جیا دەکرێتەوە لەگەڵ ئەوەیشدا خاڵی دەسپێکی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و پاشماوە هونەری و کلتووریە کانیان چڕ بووەتەوە، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەیش، کە ئەدەب یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی دەربڕین، کە گەلان بۆدەربڕینی واقیعە ماددی و فیکریەکانی خۆیان پەنایان بۆ بردووە. بۆیە ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی ئەم ئەرکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی و تیشکی خستۆتەسەر ( لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی هەندێک ژانەری ئەدەبی کۆن وەک: "شانۆ، ئەفسانە، چیرۆکە فۆلکلۆریەکان، ڕۆمان لە سەردەمی مۆدێرن یان ئەوەی پێی دەوترێت هونەری زمانەوانی یان زارەکی"بەمەیش پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئەنسرۆپۆلۆژی زیاتر بەهیز دەبێت، نووسەر و هونەرمەندانیش زیاتر لەگەڵ کلتوورەکەیاندا تێکەڵ دەبن.) (باية،٢٠١٠، ٣٩) و توانای درووستکردنی بەرهەمێکی کلتووری وایان دەبێت، کە بەئاشکرا نوێنەرایەتی واقیعی کلتووری و کۆمەڵایەتیان بکات. هەتا ئەوکاتەیش لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆژی بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی (کۆمەڵایەتی و کلتووری یان هونەری و جوانیناسی، سەرنجیان لەسەر لایەنی سرووشت و دەروون و سۆزداری و عەقڵانی مرۆڤ یان کۆمەڵگا مرۆییەکان بێت، ئەوا پاڵپشتیەکی بەهێزی بۆ هەندێک لەقوتابخانە ئەدەبیەکان بەتایبەتی بزوتنەوەی ئەدەبی "مرۆڤ دۆستی-Humaniste" دابینکردووە.) (باية،٢٠١٠، ٣٩) چونکە ئەگەرسەرهەڵدانی مرۆڤدۆستیش مێژوو یەکی دووروودرێژی نەبێت بەومانایە نیە، کە دەقە ئەدەبیەکانی پێشووتر گوێیان بە زمان و نەتەوە و مرۆڤدۆستی نەدابێت، بەڵکو هەموویان بەجۆرێک لەجۆرەکان کارەکتەری مرۆڤیان بەرجەستە دەکرد. هەربۆیە بەگوتەی پرۆفیسۆری بواری ئەنسرۆپۆلۆژی و فەلسەفە "نیگل ڕابۆرت" ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی دوو لایەنی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە بریتیە (لەگرنگیدان بەخودی ئەدەب، لەگەڵ ئەوڕۆڵەی، کە ئەدەب لەژیانی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسیماندا دەیگێڕێت. ) (غني،٢٠٢١، ١٠ ) کەواتە دەکرێت ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی وەک گەڕانێک بۆجۆرە جیاوازەکانی دەربڕین مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کەتایبەتمەندی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی کەلتووری و بەدامەزراوەیی کردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆدەگرێت. ئەدەبی کوردیش بەگشتی و بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمانەکان (تەواو هەڵقوڵاوی کەش و هەوا و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانە.) (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٥) چونکە لەڕابردوودا ژینگەی کوردستان هەمیشە وای خواستووە نووسەرانی نەتوانن لەخەم و گرفتی نەتەوەکەیان داببڕێن. شیاوی باسە نابێت دەرهاویشتەیەکی تری ئەنسرۆپۆلۆژی لەبیربکەین، کە زیاتر پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئەنسرۆپۆلۆژی بەهێز دەکات، ئەویش ئیتنۆگرافیایە و مەبەست لەو(لێکۆڵینەوە مەیدانیانەیە، کە توێژەری ئەنسرۆپۆلۆژی بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و کلتوورەکەی ئەنجامی دەدات و وەسفێکی ورد و هاوسەنگیان دەکات، پاشان لێکدانەوەکانی بەوتار و ڕاپۆرتی ئیتنۆگرافی پێشکەش دەکات، ئەم وتار و ڕاپۆرتانەیش وەک ژانەرێکی ئەدەبی یان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەناسرێن.) (باية،٢٠١٠، ٤٠) بەمەیش دێنە ناو بازنەی ئەدەب و هونەرەوە و پەیوەندی نزیک لەنێوان ئەدەب و ئەنسرۆپۆلۆژیدا ڕوون دەبێتەوە. هەروەها وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە بونیاد گەرایی"کلۆد لیڤی شتراوس"بەیەکێک لەگرنگترین قوتابخانەکان دا دەنرێت، کە تیۆری ئەنسرۆپۆلۆژی هێنایە ئاراوە و پاڵپشتی بنیاتنانی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئەنسرۆپۆلۆژیا بوو "شتراوس" ئەوکەسەیە کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستەی یەکلایی کردەوە ئەویش لەکتێبی "العقل البدائی او الوحشي" عەقڵی سەرەتایی یان دڕندەیی" کەلەساڵی "١٩٦٦" بڵاوکرایەوە و تێیدا (یەکێک لەتایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئەو بیرە ئەفسانەییە یان خورافیانەی، کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەرهەمیان هێناوە دەستنیشانی کرد و ئەم بیرە ئەفسانەیی و خورافیانەیش بنکەیەکی فراوان و لقداریان پێکهێنا، کە ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەب لێیەوە دەستی پێکرد.) (راغب،٢٠٠٣، ٤١) لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەفسانە کۆنەکان و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان یەکەم فۆڕمی ئەدەبین، کە مرۆڤایەتی بەهۆیانەوە ناسراوە و مرۆڤە سەرەتاییە کان بەهۆیانەوە هەوڵی ڕامکردنی سرووشتیان داوە. "میشێل فۆکۆ" زیاتر ئەو ڕاستیەی چەسپاند کاتێک وتی: (ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی پەیوەندیەکی نزیکی بەوەوە هەیە کەناونراوە هەڵکۆڵین یان شوێنەوارناسی مەعریفی،''فۆکۆ" زاراوەی "سلالات المعرفة" نەسەبی زانین"ی لەئەنسرۆپۆلۆژیەوە وەرگرتووە و پێی وایە سروشتی گەشەسەندن و داهێنانە مەعریفیەکان لەڕێگەی نەسەبنامە بەیەکەوە گرێدراو و کار لێککەرەکانەوە درووست دەبێت و پەرەی پێ دەدرێت.) (راغب، ٢٠٠٣ ؛٤٤) واتا وەک چۆن ئەنسرۆپۆلۆژیست کار لەسەر ڕەگەزی مرۆڤ و پەرەسەندن و کارلێککردنی لەگەڵ یەکتر و هەمەجۆری دەرئەنجامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەکات، ڕەخنەگری ئەدەبیش بەهەمان شێوە کار لەسەر ژانەرێکی ئەدەبی دەکات، کە بەدرێژایی مێژوو لەگۆڕانی فۆڕمێکی کۆنەوە یان لەتایبەتمەندیە مەعریفیەکانی دیکەوە درووست دەبێت. هەروەها پەیوەندی نێوان ئەدەب

وئەنسرۆپۆلۆژیابەخوێندنەوەی ئەنسرۆپۆلۆژی لەڕوانگەی لێکدانەوەی ڕەمزی وەک میتۆدۆلۆژیایەکی پێشنیارکراو، کە"عیاد ابلال" لەکتێبەکەیدا بەناوی"أنثروبولوجيا الأدب- دراسة انثروبولوجية للسرد العربی" ئاماژەی پێکردووە و پێی وایە چوار قۆناغی تێکەڵاو و پەیوەندیدار بەیەکەوە وادەکات نوسینەکان بکەن بەدەقێکی ئەنسرۆپۆلۆژی، ئەوانیش بریتین لەوەی، کە دەقەکە:(١-وەسفێکی دەرەکی چڕوپڕە و لەڕێگەی هەستکردن بەهێما گرنگەکانەوە سەر هەڵ دەدەن. ٢-بەستنەوەی کۆنتێکستی دەق بەچوارچێوەی دەرەوەی دەقەوە. ٣- گەیشتن بەفەزای نائاگایی تاکەکەسی و دەستەجەمعی، کە جیهانی ناوەوەی دەقەکە پێکدەهێنێت لەڕێی بەستنەوەی مانا ڕەمزیە ڕاستەوخۆکان بەچوارچێوەی سیستەمی زمانەوانی و کلتووریەوە. ٤- بەیەکەوە گرێدانی ئەوسێ قۆناغەی سەرەوە بەپێی میتۆدی " لێکدانەوەی ڕەمزی" دەقێکی هاوتەریبی ئەنسرۆپۆلۆژی یەکگرتوو پێک دەهێنێت و بەنوسینی ئەنسرۆپۆلۆژی دادەنرێت.) (أبلال ،٢٠١٠، ١٢٨) دەقی ئەدەبی خۆی لەخۆیدا پێکهاتەیەکی ڕەمزیە، ڕەمزەکانیش گوزارشتی جۆراوجۆرن و لەهەموو زانستەکاندا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەبرێن. لەئەنسرۆپۆلۆژیشدا ڕێوڕەسم و داب و نەریت و کلتوور و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ بەگشتی لەڕێی هێماکانەوە دەردەبردرێن، هەربۆیە ڕەمزی ناو دەقەکان باڵادەستن لەخوڵقاندنی جیهانی گێرانەوەکاندا و هەڵگری مەبەست و پەیامی جۆراوجۆرن.

**تەوەری دووەم: ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی وپراکتیزەکردنی لەکۆمەڵەچیرۆکی "شتێ لە گیرفانی دایکمدایە لەنوسینی جەلیل کاکەوەیس"الانثروبولوجياالسياسية" Political Anthropology**

ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی بەشێکە لە ئەنسرۆپۆلۆژیای گشتی و دەچێتە خانەی ئەنسرۆپۆلۆ ژیای کلتوری و کۆمەڵایەتیەوە، بەومانایەی لەچوارچێوەیەکی مێژووی و کۆمەڵایەتی و کلتووری جیاوازدا لەسیستەمی سیاسی دەکۆڵێتەوە، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵ لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراوە، کە یەکێک لەو بنەمایانە بەرژەوەندیە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە، کە عەقڵێکی کۆمەڵی بەدرێژایی مێژوو هەڵگریەتی و ئاراستەی دەکات. ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە بەو پێیەی "ئەرەستو" ( مرۆڤی بە سروشتێکی سیاسی دەزانی هەرچەندە ئاواتی یاخود مەبەستی دۆزینەوەی هەندێک یاسا بوو نەک پێناسەکردنی باشترین دەستووری مەعقول بۆ دەوڵەتێک.) (بالاندية،٢٠٠٧، ١٥) ڕەهەندی سیاسی لەهەناوی ئیتنۆگرافیاوە سەرچاوە دەگرێت بەهۆگر بوون و خۆشەویستی ڕەگەز و خاک و نیشتیمان بەشێوەومەبەستی جیاواز لەقۆناغە مێژووییەکاندا هەتا سەردەمی داگیرکاری کۆلۆنیالیزمی وڵاتانی زلهێز، کەواتە سیاسەت پرۆژەیەکی کۆنی ئەنسرۆپۆلۆژیە بەڵام گەشەی پێنەدراوە و لەشێواز و لایەنی یەکەمی خۆیدا ( ئەزموون وبیروباوەڕی تایبەت تێدەپەڕێنێت و هەنگاو بەرەودامەزراندنی زانستێکی سیاسی دەنێت، کە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکات، وەک کاهینێکی سیاسی، بەدوای تایبەتمەندیە هاوبەشەکانی هەموو ئەو سیستەمە سیاسیانەی، کەبە هەمەچەشنی مێژووی و جوگرافی ناسراون.) (هەمان سەرچاوە،١٥) ئەمەیش هەمان مەبەستی ئەرەستۆیە کە، مرۆڤی بە بونێکی سیاسی دەزانی.
لایەنی دووەمی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بوارێکی لێکۆڵینەوەیە لەناو ئەنسرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و "نەسەب" ڕەگەز ناسیدا، ئەگەر ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی وەک میتۆدێک چاودێری دام و دەزگا سیاسیەکان بکات و کێشە سیاسیە جۆراو جۆرەکان بناسێنێت، بێگومان دەبێتە بەدیلێکی درووست بۆ حکومڕانی لە ئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخدا، کە ( ئامانجی وەسفکردنی پرۆسەکان و ئامرازەکانی دەستکاریکردنی دەسەڵاتە.) (فارس،٢٠٢٤، ١٧) چونکە لەسەرانسەری جیهاندا دامەزراوە سیاسیەکان و ئامرازەکانی ڕیکخستنی دەسەڵاتی سیاسی کەوتوتە ژێر چاویلکەی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی. سەبارەت بە دەرکەوتنی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەم لقە سەرەکیەی ئەنسرۆپۆلۆژی ( لەساڵەکانی "١٩٤٠-١٩٥٠" لەقوتابخانەی کاری بەریتانی لەلایەن "ڕادکلیف براون"ەوە بەشێوەی کاردانەوە و جیاواز لە تێڕوانین بۆ شۆڕش و ڕووداوەکان سەودای لەگەڵدا کراوە، هەرچەند "مالینۆفسکی "جیاواز بیردەکاتەوە وپێی وایە، کە پەیوەندی دەسەڵاتدار و گروپە جیاجیاکان تەواوکەری یەکترن بەجۆرێک، کە ئاڵوگۆڕی تواناوپەیوەندی هەمەلایەنە لەنێوان ئەم دوو لایەندا هەیە.) (قادر، ٢٠١٤، ١٠٠) بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: هەریەک لە (مۆنتیسکۆ، ماکس ڤیبەر، ڕاد کلیف براون، هنری سومەر ماین، لویس هنری مۆرگان، کارل مارکس وفردریک ئەنگلس بە دامەزرێنەرانی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی دادەنرێن.) (هەمان سەرچاوە،١٠١) ئەو پێناسانەیش، کە بۆ سیستەمی سیاسی کراون زۆر و جۆراوجۆرن و هەوڵدەدەین لەم بارەیەوە سەرنجی چەند ئەنسرۆپۆلۆژیستێک بخەینە ڕوو، "جۆرج بالاندیە- Georges Balandier ١٩٢٠-٢٠١٦" کۆمەڵناس و مرۆڤناس و ئیتنۆلۆجی فەرەنسی لەسیمینارێکیدا ساڵی "١٩٧٠" دا دەڵێت: ( ئەو میتۆدەیە، کەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی یان نەبوونی ڕواڵەتی پێکهاتەی سیاسی فەرمی لە زۆرێک لە کۆمەڵگە سادە و تەقلیدیەکاندا دەدات.) ( شارلوت،٢٠٠٩، ١٢٤) دیارە نوسەر لە ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا لەسەردەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بەم جۆرە دەدوێت.

هەندێک لەتوێژەرانی تر ( لەژێر کاریگەری "مین Maine" ١٩٦١ و "مۆرگان Morgan" ١٨٧٧" وای دەبینن، کە تێڕوانینە ناوچەییەکان سەرچاوە و ناوەندی ئەو سیستەمەسیاسیەن، کە لەناوچەیەکی تایبەت و دیاریکراودا کاردەکەن.) (علاق، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ١٤) هەروەها " ستیوارد Steward" کە ئەنسرۆپۆلۆژیستێکی ئەمریکیە پێی وایە کۆمەڵگەکان یان سیستەمی سیاسی بەسەر چوار قۆناغدا دابەش دەبن ئەوانیش بریتین لە ( گروپەکان، هۆز، یان خێڵ، قەوارەی سەرۆکایەتی، دەوڵەت.) (شارلوت، ٢٠٠٩، ١٢٦) دیارە ئەمەیش سیستەمێکی کۆنە پارێزە سەبارەت بە گەشەسەندنەکانی سیستەمی سیاسی هاوچەرخ، کە ڕۆڵی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی تێیدا دەبێتە تێگەیشتن لەچۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات لەکۆمەڵگە مرۆییەکاندا. هەروەها ئەنسرۆپۆلۆژیستە سیاسیەکان توێژینەوەی ئیتنۆگرافی بەکار دێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە کۆمەڵایەتی و کلتووری و مێژوویی و سیستەم و دامەزراوە سیاسیەکان لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی بایەخێکی گرنگیش بەپێداچونەوەی کۆمەڵگە کۆنەکان دەدات وەک چۆن "ڕادکلیف براون" یش زانستی سیاسی لە چوار چێوەیەکی گشتیدا دەبینێت لەهەمان کاتیشدا جیاوازی لەنێوان زانستی سیاسەت دەکات وەک چەمکی دەسەڵات و چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی، بۆیە پێی وایە ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی ( لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕێکخراوە سیاسیەکان دەکات و لەبونیادی سیستەمێکی سیاسی دەکۆڵێتەوە و تەماشای بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەم بەشەیش جیاوازە لەزانستی سیاسەت چونکە پەیوەندی نێوان دیاردە سیاسیەکان وکلتوور تاو و توێ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا، کە سیاسەت بەواتای دەسەڵات دێت، بەتایبەتی دەسەڵاتی دەوڵەت و هونەری پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی وڵاتانی دیکە، یان بەکارهێنانی دەسەڵات و بونیادنانی کاری هاوبەش بەشێوەیەک لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت.) (قادر، ٢٠١٤، ١٠٠-١٠٣) لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی کارلێکی گرنگ لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا درووست دەکات وەک کاریگەری ئایین لەسەر سیاسەت، یان کاریگەری سیاسی لەسەر ئایین و ئابووری و کلتوور و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، کە کرۆکی کۆمەڵگە پێک دەهێنن، جا لەرووی ژێرخانی نەتەوەیی بێت یاخود سەرخانی نەتەوەیی هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەک، بێگومان شاعیران و نووسەران کاتێک دەنوسن گوزارشت لەو بارودۆخانە دەکەن، کە ئاشنان بە ڕووداوە هەمەچەشنە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە دەکرێت لەڕێی ئەدەبەوە لایەنی باش و خراپی ئاراستە سیاسیەکان بخەینە ڕوو، لەڕوانگەی لێکەوتەوگرفتە سیاسیە جۆراو جۆرەکان و ژیانی تاک، هەروەها خستنە ڕووی کاری سیاسی و ململانێکان و دەسەڵات و ئاراستە سیاسیەکان و کاریگەری هێز لەسەر دیاردە کلتوری و کۆمەڵایەتیەکان، ئایا لەپێناو بەرژەوەندی کەسی یان حیزب و گرووپ یان دەوڵەتدا کار دەکەن؟ بابەتە سەرەکیەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیایی سیاسی ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان " کلتوور، دەسەڵات، دارشتنی سیاسەتی کۆمەڵگا و کاردانەوە کانی لەسەر لایەنە گشتیەکانی وەک ڕەهەندی دەروونی و جەستەیی... هتد تاک و کۆمەڵ. لێرەوە و لەڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆژیا بەمانا هاوچەرخەکەی دەچینە سەر پراکتیزەکردنی ئەم بابەتە لەکۆمەڵەچیرۆکی "شتێ لەگێرفانی دایکم دایە" ی "جەلیل کاکە وەیس" بەچەند نموونەیەک ئەم بابەتە دەخەینەڕوو.

نووسەر لەبابەتێکیدا بەناوی "من و چیرۆک و ململانێی بونەوەرەکان" ئاماژە بەکارەکانی دەکات لەسەر چیرۆک کەدەتوانین بڵێین: بەڵگەیەکی گرنگ و یەکلاکەرەوەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەیی، کە ئەنسرۆپۆلۆژیاوئەدەب بەیەکەوە دەبەستنەوە و تەواوکەر و یارمەتیدەری یەکدین، لەئەنجامدانی کارەکانی هەریەک لە ئەنسرۆپۆلۆژیستان و نووسەرانی ئەدەب بەتایبەتی نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمان. وەک دەڵێت:( کارە خودیەکانمان زادەی ئەوساتانەن، کە بەخۆمان و دەوروبەرماندا دەچینەوە، هەر لەم ساتانەدا بونەوەری جۆراوجۆر دەخوڵقێن، لەڕاستیدا ئەو بونەوەرانە لەهەمان ژینگەی ئێمەوە سەریان دەر هێناوە و لەهەساریەکی ترەوە نەهاتوون.) (کاکەوەیس، ٢٠١٢، ١٠) ئاشکرایە ئەنسرۆپۆلۆژیا بەشێوەیەکی گشتی لەواقیعی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەکۆڵێتەوە، کاتێک چیرۆک لەلای نووسەر بایەخدان بێت بەم تایبەتمەندیانە کەواتە گوزارشتێکی ئەنسرۆپۆلۆژی ئەدەبیە لەهەمان ئەو ژینگەیەی، کە ئەنسرۆپۆلۆژیستێک لێی دەکۆڵێتەوە، ئەوەی لێرەدا جودایان دەکاتەوە ئەو شێوازەیە، کە هەردوو لایان دەیگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان وەک نوسەر لەدرێژەی بابەتەکەیدا و لەباسی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانیدا دەڵێت: **( لێ لەخەیاڵداندا شێوەو بیچمی دی وەردەگرن بۆیە برێ جارلای خوێنەر نامۆ و نائاسایی دێنە بەرچاو، پێم وایە ئەو گۆڕانکاریە یان دەسکاریکردنە لەشێوە و ڕەفتاری بونەوەرەکانی ناو دەقێکی چیرۆک هەروا بێ بنەماو لەخۆڕا نیە، بەڵکو زادەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەیوەندیە شڵەژاوەکانی کەسانی نێودەقەکەیە لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا.)** (کاکەوەیس، ٢٠١٢، ١٠) واتا ژینگەی بونەوەرە کانی ناو چیرۆکیش هەمان ئەو داب و نەریت و ژینگە کلتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و.... هتد یەیە، کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین **( ئەوانە وەک من و تۆ گەرمی و ساردی وەرزەکانیان دیوە، وەک من و تۆیش یان ئاسوودەن یان دڵشکاو و ڕەنجاون، وەک ئێمە یان ڕاستگۆ و ئابڕوومەندن یان درۆزن و فریودەرن، بەڵام کاتێ لەژینگەی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بەرە و ژینگەی کاغەز دەگوێزرێنەوە ناسنامەیەکی دیکە وەردەگرن ئەویش ناسنامەی هونەریە.)** (هەمان سەرچاوە، ١٠) کەواتا

بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەدەب کەرەستەخاوەکانی ئەنسرۆپۆ لۆژیامان بەشێوەیەکی ڕازاوە و چێژ بەخش بۆ دەگێڕێتەوە، بۆنموونە ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی لەچیرۆکی "وێڵبوون"دا شێوەیەکی ئەدەبی جوانە، کە تێیدا گوزارشت لە دەسەڵاتی سیاسی خۆسەپێن و لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی دەکات، ئەویش شێت بوونی کچێکی کوردە، بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەری لەلایەن سەربازانی ڕژێمی پێشوو، لەبەرئەوەی برای ئەم کچە کوردە لەسەربازی هەڵهاتووە **(ڕابیعەی وەستا بایەزید قیبلەی جحێڵان بوو، لەدۆخێکدا بوو تازە هەستی بەمێیایەتی خۆی دەکرد، بێ ئاگا لەو شوێنە تاریکانەی، کە کچێنی تێدا دەدزرێ، بێ ئاگا لەوەی بەئاگری برای هەڵاتوو لەسەربازی دەسوتێت، لەخەونیشدا ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتووە، چەند دەستێک لەناکاو دەکەونە هەڵپەی بەستنەوەی چاوەکانی و لێکنانی دەمە پڕ هاوارەکەی، ئیدی تەنیا هەست بەوە دەکات، لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا بۆنی نێرینەی نەدیوو و نەناس وا دەیخنکێنێت، جەستەی زبر و زەبەلاحیان لەجەستەی دەسوون، کەچاویشی دەکەنەوە لەنێو کۆمەڵە نێرەوسێکی ئێرەق بوو چاو هەڵدێنێت و لەجێگەی شەرمی تەڕی هەست ڕادەگرێت، ئیدی لەحەژمەتان بۆ هەتا هەتایە نەزمانی دەکرێتەوە، نەزەینێکی دەمێنێت، تا بیباتەوە سەر بنج و بناوانی ڕابردوو، ئەمێستا ڕابییە شێتە و هەمیشە پشتی لەئاوەدانیە و ڕووی لەهەردەکانی سەرووی شارە.)** (هەمان سەرچاوە،٢٥) ئەمەیش دانەبڕانی نووسەرمان بۆ دەسەلمێنێت لەو واقیعەی، کە کۆمەڵگەکەی پێیدا تێپەڕیوەوبەشدارێکی کارای شانۆی سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەکەی بووە. بەومانایەی ئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخ چیتر تەنیا لێکۆڵینەوە نییە لە ڕێکخستنی خێڵ و عەشیرەت و کۆمەڵگەکان، بەڵکو لەیەکێک لەئاراستەکانیەوە دەربارەی شێوازوچۆنیەتی سیاسەتی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەکان دەدوێت لەلایەن دەسەڵات و سیستەمە سیاسیە هاوچەرخەکانەوە لەجیهاندا. ئەدەبیش بەشێکی دانەبڕاوە لەوگوزارشتە سیاسیانەو لەم نێوەندەدا دەورێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت.

بۆ وێنە نووسەر لەچیرۆکی (شتێ لەگیرفانی دایکمدایە) باس لەسیاسەتی چەوت و تۆتالیتاری ڕژێمی پێشووی لەناوچومان بۆدەکات، کەلەدژی نەتەوەی کورد گرتبویەبەر ئەویش تاوانەکانی "پاسەوانی نەتەوەیی" حەرەس قەومی"یە کە (جۆرێک لەمیلیشیای چەکداربوون، حیزبی بەعس بەیاسای ژمارە (٣٥)لە(١٩٦٣/٥/١٨) پێکی هێنابوون بۆزاڵبوون بەسەر شەقامەکانی عێراقدا و دەسەڵاتی ڕەهایان پێدان، بەڵام کاروکردەوە دزێوەکانیان دەبنە هۆکاری بێزاری کۆمەڵانی خەڵکی عێراق وبیانوو دەدەن بەدەست "عبدالسلام عارف" لە ڕۆژی (١٩٦٣/١١/١٨)بەعسیەکان بڕوخێنێت.) (شاخی،٢٠٢٤، ٧٣) لەم چیرۆکەدا نووسەر سیاسەتە زۆرەملێکانی لەیادگەی نەوەکانی دەهاتوودا بەئاشکرایی دەهێڵێتەوە و لەڕێگەی چەند کارەکتەرێکی ناو چیرۆکەکەوە بەشێوەیەکی هونەری جوان چیرۆکی بەکچ کردنی کوڕێک لەلایەن دایکیەوە، لەترسی گرتن و لەناوبردنی دەگێڕیتەوە بەوپێیەی بەشێک لەسیاسەتی ئەو گرووپە میلیشیایە گرتن و لەناوبردنی ڕەگەزی نێر بوون و هەوڵی سەرکوتکردنی گەلانی پێکهاتەی عێراقیان دەدا بۆئەوەی داوای مافە ڕەواکانی خۆیان نەکەن. وەک لەچیرۆکەکەدا هاتووە کارەکتەری بەکچ کراوی سوارە-سرووە دەڵێت: **(لەمنداڵیم دا بێ پەروا ئەندامی نێرینەی خۆم نەدەشاردەوە، بەبەرچاوانەوە میزم دەکرد، کەچی لەوەولا دایکم وای تێگەیاندم نابێت هیچ کەسێک ئەندامی شەرمم ببینێت، چونکە بینینی ئەم ئەندامە مایەی شەرمە و بەدەردەکەی باوکم و مامم و نێرینەکانی دیکە دەچم.)** (کاکەوەیس،٢٠١٢، ٩٢) ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە ئەنسرۆپۆلۆژیستەکان دەتوانن جگە لەچێژوحەزە هونەریەکەی بەکەڵک وەگرتن لەڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم چیرۆکەوە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام بدەن و ڕاستی ڕوداوە سیاسی و مێژووییەکانی هەرگەل و نەتەوەیەک بەدەستبهێنن. واتا ئامانجی دەقی ئەدەبی لەم بوارەدا دەبێتە وەسفکردنی پڕۆسەکان و ئامرازی دەستکاریکردن و گۆڕینی دەسەڵاتە، چونکە بەهای سیاسەت لەکۆنترین چەمکیدا بۆڕێکخسن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بووە لەناو خێزان و بنەماڵەو عەشیرەتەکان هەتا داهاتنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای زمان و خاکی هاوبەش و پاشان دەوڵەت و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ هاولاتیان و کۆمەڵەکەیدا. لەم نێوەندەیشدا ( هونەر دەبێتە نمایندەی بەهای جوانی و ئەدەبیش دەبێتە گوزارشت و زانستیش پێشکەوتن فەراهەم دێنێت.) (میران،٢٠٢١، ٨٦) لەهەمانکاتدا هونەر و ئەدەب و زانستەکانیش لێڵی و پاشکەوتوویی و ناشیرینەکان دەخاتە بەرچاوان و هەوڵی جوانکردن و باشکردنیان دەدات، بۆنموونە نووسەر لەچیرۆکی"مەستورە نادۆزمەوە" سیمایەکی ناشیرین و گوزارشتی سیاسەتێک دەکات، کە لەجیاتی ئەوەی یەکگرتووی و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت بۆتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی وکلتووری گەلەکەی ئەویش "زۆرداری بەرپرسانی حیزبی دەسەڵاتە لەوەدەرنانی پیاوەکان وداگیرکردن و تەعداکردن لەژنەکانیان لەسەر دەستی سیاسیە نەخوێندەوارەکان بەبێ ئەوەی هیچ لێ پێچینەوەیەکی سیاسی و حکومی بەدوادا بێت. وەک لەم چیرۆکەدا هاتووە **(خودا بەخودایی خۆی بەشێک لەجوانی خۆی بەخشیبێتە ژنێک، نەشمیلە و نازداری کردبێت، کەچی ئەوخانومانییەی لێ بوبێتە بەڵای ناگەهان و نێرەوسێک مرخی لێخۆشکردبێت ئینجا شووەی بێئاگای بەرەوکیشووەرە دوورەکان ڕەتاند بێت تا...)** (کاکەوەیس،٢٠١٢، ٣٦) لێرەدا دەبینین چەندە گرنگە نووسەر هەڵەی سیاسی دەسەڵاتێک دەخاتەڕوو، ئەوەندەیش بەهونەریکردنی گێڕانەوەی ئەم گرفتە سیاسیەیە،

که وامان لێدەکات بڵێین ئەم گوزارشتە ئەدەبیە لە گێڕانەوە مێژووییەکان کاریگەرتروڕاستگۆتریش دێنە بەرچاو، بۆ نموونە نووسەر لەپیشاندانی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی گەلەکەیدا، کەسیاسەتێکی ناساز و نەخوێندەوارەکان بەسەریدا هێناویەتی دەڵێت: **( ئەو ئەفسەرە بێ بڕوانامەیەی، کە هەموو بیست ڕۆژ جارێک بەمۆڵەت دێتەوە و بەفەرمانی ئەو لەسەر تابلۆیەک لەمسەر و لەو سەری کۆڵانەکە دەنوسرێت: هاتوچۆ قەدەغەیە.)** (هەمان سەرچاوە،٣٤) لەلایەکی دیکەوە، لەو سۆنگەیەوە، کە ڕاستە ناکرێت (کۆی کۆمەڵگە لەناودامەزراوە حکومەتیەکاندا کار بکەن، بەڵکو خەڵکانێکی دیاریکراو ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام ئەرکی باقی کۆمەڵگەیە بەسەریانەوە چاودێرێکی کارا بن و لەسیاسەت و حکومڕانیدا ئامادەیی و ڕۆڵیان هەبێت، لەدام و دەزگاکانی حکومەتەوە تا ئەنجومەنی گەڕەکێک.) (مەلانووری،٢٠٢٥، ١٣٢) نووسەر لەچیرۆکی "پیاوێک دەبێتە دوو لەتەوە" پەرت بوونی دەروونی هاوڵاتیان دەخاتە ئەستۆی سیاسەتێکی ناشەریفانەی قۆرخکاری دەسەڵاتی کوردی، کە لەڕابردوودا بە شەڕ و کوشتاری ناوخۆیی و لەڕۆژگاری ئەمرۆیشدا بەهۆی خراپی دۆخی ئابووری، وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی، کۆچی گەنجان و بێ سەروشوێن بوونیان لەو ڕێگایەدا نیشان دەدات و بەگۆڕستانی دەریا و بەگۆڕستانی ونبووەکان دەیناسێنێت. **( ئەوانە دنیا لەبەرچاویان سوور هەڵگەڕابوو، سوورێک لەسوورێتی خوێن سوورتر، بەجۆرێک بۆن و ڕەنگی خوێن لەخشتەی بردبوون، تەنانەت چاوەڕوانی سرووشێکی خودایش نەبوون تا برایم ئاسا کێردی تیژ لەگەردنی سمایلی جگەر گۆشە هەڵبگرن و ئاسوودە دڵ بن...)** (کاکەوەیس،٢٠١٢، ٨٠) هەر بۆیە لەکاردانەوەی ئەم شێوازە لە سیاسەتی شەڕ و کوشتن لەڕابردوودا و هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری هاوڵاتیان لەمڕۆدا، دیاردەی کۆچکردنی لێ هاتۆتە بەرهەم **( ئەوە نییە ئەم هەموو ڕۆژنامەیە، لێوانلێون لەکەسانی ونبوو و گۆڕ غەریب.. ئا...ئا ئەم پەڕە کاغەزە زەرد هەڵگەڕاوانە، گۆڕستانی کەسانی خێر نەدیو و بێ ناونیشانن، گۆڕستانێک لەپەڕە کاغەزی تووڕەهات و ڕزیو، دە تۆ وای دابنێ سینەمی شاعیریش یەکێکە لەو هەزاران کەسە گۆڕ غەریب و بێ ناونیشانانە.)** (هەمان سەرچاوە، ٨٥) لەبەرئەوەی سیاسەتی ڕژێمی پێشووی عێراق (لەڕاوەدونان و گرتنی بەکۆمەڵ زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکانی گرتبووەوە.) (حسن،عبدالله،٢٠٢٥، ٤٩٨) جگەلەوەی بەزۆرەملێ هاوڵاتیانی کورد و عەرەب بەعەسکەر دەگیران و سیاسەتی بەعەرەبکردنیان دژی نەتەوەی کورد بەکاردەهێنا، لەم پێناوەیشدا حکومەتی عێراق سیاسەتی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، دەتوانین بڵێین: ئەمەوچەندین دیوی سیاسەتی نامرۆڤانە، کەدەکرێت بە شێوەیەکی ئەدەبی و لەگوتاری جیاوازجیاوازدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بخرێنەڕوو. جگەلەوەی کە نوسەر بەشێوەیەکی فەلسەفی لەفۆڕمێکی ڕەمزیداوبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لەمەبەستی دەسەڵاتە سیاسیەکان دەکات لەتاریکاندن و بنیاتنانی عەقڵی مێگەلی لەنێوکۆمەڵگەدا و هەستی نەژاد و مێژووی نەتەوەکەی دەبزوێنێت (ئەرکی نووسەریش ئەوەیە کە خەڵکی بەئاگابهێنێتەوەکەچ دۆزەخێک لەژێر پێیان دایە.) (عبدالرحمن، ٢٠٠٤، ١٣) وەک ئەوەی نوسەرلەژێرکاریگەری "جۆرج ئۆریۆڵ" لەڕۆمانی "١٩٨٤"بێت، کە گوزارشت لەدروشمەکانی "وەزارەتی ڕاستی" دەکات ودەڵێ: (شەڕ ئاشتیە، کۆیلایەتی ئازادیە، نەزانی هێزە.) (کاکەوەیس،٢٠٠٥، ٧) یان" شتراوس"ئاسا (لەخەمی ئەوگەلانەدایە، کە مێژووەکەیان نەنوسراوەتەوە.) (شتراوس ،٢٠٢٤، ٩) بۆیە لەچیرۆکی "درەختی مەرگ"دا پێمان دەڵێت کەدەسەڵاتی خۆسەپێن و حکومی ئیستیبدادی بەردەوام هەلاهەلای جەنگ ونائارامی بلاودەکاتەوە بۆئەوەی کارلەدەروونی هاوڵاتیان بکات و نەیان پەرژێتە سەر بەرەنگار بوونەوەی پێڕەوی سیاسیان، کەلەچەند کەسێک زیاتر تێپەڕ ناکات. وەک لەیەکێک لەگوتارە سیاسیەکانی نێودەقەکەدا هاتووە **(بونیادەمی ئەیرە هەست بەئێش و ئازاری خۆ ناکەن، بەچارەنوسی خۆیان قایلن، قەڵەمی چارەنوسی ئەوان بەمنە منم پێیان دەویشم نەخۆش و دەردەدار بن یان لەشساغ و تەندروست، ئەوان تیرەیەکن تەنها گوێ دەگرن و هیچ ناڵێن، کەسێکیان گەرەکە ژیرانە بچێتە ناوقەپیلکی سەریان و لەناومەژگیان بەهەشت و دۆزەخێک دروست بکات، لەترسێکی وایشدا بیان هێڵێتەوە هیچ کاتێک بەرپای خۆیان نەبینن.)** (کاکەوەیس ،٢٠١٢، ٤٩-٥٠) واتا دوو دنیا بۆ مرۆڤەکان بنیاد دەنێن کە یەکێکیان سڕکردووەکانن ئەوی تریشیان دونیایەکە، کە لەسەر دەستی هزرمەندان بەختەوەری لێ چاوەڕێ دەکرێت، بەڵام چارەنوسی هەردوو دوونیاکە لەژێر چەپۆکی ئایدۆلۆژیایەکی خۆسەپێن و تاکڕەودایە. چیرۆکیش، کە (یەکێکە لەژانەرەبنەڕەتیەکانی ئەدەب، کە تائێستا لەجیهاندا بایەخ و گرنگی خۆی هەیەوبەردەوام لەنوێ بوونەوە و بەرە و پێشچووندایە.) (حسین٢٠٢٤، ١٢٩٨) هەڵدەستێت بە گەیاندنی ئاماژە سیاسیەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا. بەجۆرێ ئەم هونەرە لەسەردەستی نوسەرە خاوەن بەهرە و ڕۆشن فکرەکان لەتوانایدایە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی سەرجەم ڕەهەندە سیاسیە جۆراوجۆرەکان لەهەر وڵاتێکدا بێت لەئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخدا وەک توخمێکی کلتووری و بیروباوڕێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەبکات و دەورێکی گرنگ لە ئەنسرۆپۆلۆژیایی ئەدەبیدا ببینێت. وەک هەموو ئەوتێڕوانینانەی دیکەی نووسەر لەبەرهەمەکانی دیکەیدا، کەلەبارەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دەسەڵاتی کوردی لەباشووری کوردستان خستونیەتیەڕوو.

**ئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- هەژموونی سیاسی لە کۆمەڵە چیرۆکی " شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" ڕوونە و هەڵگری بەشێکی گرنگن لەتایبەتمەندیەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی و نووسەر بەشێوەیەکی خەیاڵ ئامێز و ئەفسانەیی گوزارشتیان لێ دەکات.

٢- بابەتەکانی ناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکە پێش ئەوەی ببن بە بەرهەمی ئەدەبی و چیرۆک واقیعێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و نووسەر بەفۆڕمێکی هونەریەوە دایرشتوونەتەوە، لەپێناو پارێزگاریکردن لە ڕووداوە مێژووییەکان و خستنەڕووی فۆرمە سیاسیەکان لەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا.

٣- نووسەر هەوڵی داوە وەک ئەنسرۆپۆلۆژیستێک لەڕێی چیرۆکەکانیەوە، چۆنیەتی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات و ڕەوشی سیاسی و کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بخاتەڕوو.

٤- کۆمەڵگاو تایبەتمەندیەکانی بە ڕەوشی سیاسی و نەتەوەیی هەستیار دەکات و شێوەیەکی پەژارە ئامێز بە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانی دەدات. جگەلەوەی نووسەر لەڕووی ئەدەبیەوە توانیویەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و دۆخی ژیانی ژن و منداڵ و پیاوەکانی ناو کۆمەڵگە وەک هۆکارێکی بنچینەیی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی پیشان بدات.

٥- نووسەر لەڕێی چیرۆک و گێرانەوە ئەدەبیەکانەوە پابەندە بەپەیامە سیاسیەکان وپارێزەری کلتوور وفەرهەنگ و دروشمی بیروباوەڕەسیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە. بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکان، هەڵسەنگاندنی سیاسیەو پەیوەندی بە شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی و کەلتوور و ناسنامەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردیەکان - کتێب**

- إیسکارپیت، ڕۆبێر(٢٠١٨)کۆمەڵناسی ئەدەب، بەکوردیکردنی:هیمدادحوسێن وسەنگەر نازم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاوێر، هەولێر.

- بەرزنجی، علی طاهر( ٢٠١٤ ) چەندتوێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- بەرزنجی، عەلی تاهیر(٢٠٢٠) ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئێڤا، سلێمانی.

- ڕەشید، سابیر( ٢٠٠٧ ) ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەوپرسیار- بەشی یەکەم(چاپی یەکەم) بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- شوانی، محمد(٢٠١٣ ) ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- کاکەوەیس،جەلیل (٢٠١٢ ) کۆمەڵەچیرۆکی "شتێ لەگیرفانی دایکمدایە" چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- کوڵمەن، سایمۆن، واتسۆن، هێلین (٢٠٢٢ ) دەروازەکانی مرۆڤناسی، بەکوردیکردنی داناشوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر.

- لیڤی شتراوس، کلۆد ( ٢٠٢٠ ) ئەفسانەومانا، بەکوردیکردنی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپخانەی تاران، ئێران.

- مەزهەر، کەمال( ١٩٨٣ ) مێژوو- کورتەباسێکی زانستی مێژوو کورد و مێژوو، ط١، مطابع دار آفاق عربیة، بغداد.

- ناوخۆش،سەلام،خۆشناو، نەریمان، عبداللە ئیدریس (٢٠١٦ ) کوردۆلۆجی، چاپی ١٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-شاخی، مەلا ( ٢٠٢٤ ) ئاگروخوێن، تاوانەکانی حەرەس قەومی، چاپی دووەم، چ.چوارچرا، سلێمانی.

-شتراوس، کلۆد لیڤی (٢٠٢٤ ) نەژادومێژوو، بەکوردیکردنی: نەجاتی عبدالله، چاپی یەکەم، چ.سەردەم، سلێمانی.

**نامەی ئەکادیمی:**

- عبدالرحمن، ابراهيم (٢٠٠٤) ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لەڕۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەشی کوردی، زانکۆی بەغداد.

**گۆفارەکان:**

- حسن، ئارەزوو- عبدالله، نەشمیل (٢٠٢٥ ) ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی کەرکوک لەڕۆژنامەگەری کوردی نهێنی١٩٨٤-١٩٨٨، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد (٢٠) العدد الاول، الجزء الثاني(أ).

- قادر، جبار(٢٠١٤) دەروازە بەراییەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای سیاسی، گۆڤاری شیکار، ژمارە٤.

- کەریم ، سالار (٢٠٢٤ ) بنەمافە نتازیەکان لای ئەحمەد محمد ئیسماعیل بەنمونەی چیرۆکی فڕینەکان، خەونەبێ سەروبەرەکان/ مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد ١٩، عدد الثاني، الجزء الثاني.

- میران، ڕەشاد(٢٠٢٠ز) کورد لە ئەنترۆپۆلۆگیای سروشتیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارە (٤٤).

**References**

Abdulrahman, I. (2004). *Reflection of historical events in the Kurdish novel* (Master's thesis, University of Baghdad, Ibn Rushd College of Education, Department of Kurdish).

Barzanji, A. T. (2014). *Several critical studies* (1st ed.). Haji Hashim Press.

Barzanji, A. T. (2020). *The horizon of the text* (1st ed.). Eva Press.

Escarpit, R. (2018). *The sociology of literature* (H. M. Husayn & S. Nazim, Trans.). Awer Publishing.

Hassan, A., & Abdullah, N. (2025). Reflection of the political situation of Kirkuk in Kurdish clandestine journalism (1984–1988). *Kirkuk University Journal for Human Studies*, 20(1), Part 2(A).

Kakaweis, J. (2012). *Something from my mother's pocket* (Short story collection). Kamal Press.

Karim, S. (2024). Fantasy principles in the works of Ahmad Muhammad Ismail: The short story "The Flights" as a model. *Kirkuk University Journal for Human Studies*, 19(2), Part 2.

Levi-Strauss, C. (2020). *Myth and meaning* (S. H. Palawan, Trans.). Taran Press.

Levi-Strauss, C. (2024). *Race and history* (N. Abdullah, Trans.). Sardam Press.

Mazhar, K. (1983). *History: A brief scientific overview of Kurdish history* (1st ed.). Dar Afaaq Arabiya Press.

Mirran, R. (2020). Kurds in natural anthropology. *Kurdish Academy Journal*, (44).

Nawkhush, S., Khoshnaw, N., & Idris, A. (2016). *Kurdology* (16th ed.). Rojhelat Press.

Qadir, J. (2014). Basic approaches to political anthropology. *Shikar Journal*, (4).

Shakhy, M. (2024). *Fire and blood: The crimes of the National Guard* (2nd ed.). Chwar Chra Press.

Shwani, M. (2013). *Anthropology of population* (1st ed.). Awer Press.

Rashid, S. (2007). *The Kurdish novel: Reading and questions* (Part 1, 1st ed.). Aras Publications.

Coleman, S., & Watson, H. (2022). *Introduction to anthropology* (D. Shawani, Trans.). Danishfar Press.

**المراجع والمصادر**

- ايريكسن، توماس ( ٢٠١٤ ) تاريخ الانثروبولوجيا، ترجمة: عبدة الريس،ط١، المركز القومى للترجمة، قاهيرة.

- أبلال،عياد( ٢٠١١ )أنثروبولوجيا الادب- دراسة الانثروبولوجية للسرد العربى ( ط١ ) روافد للنشر والتوزيع، القاهرة.

- الشماس، عيسى ( ٢٠٠٤ ) مدخل الى علم الانسان-الانثروبولوجيا، دمشق من المنشورات اتحاد الكتاب العرب، سوريا.

- بالانديه، جورج ( ٢٠٠٧م) الأنثروبولوجيا السياسية، ط٣، ترجمة على المصرى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

- باية،غيبوب ( ٢٠١٠ ) الشخصية الروائية الأنثروبولوجية فى " مئة عام من العزلة" ل-غابرييل غارسيا ماركيز. الأبعاد والمستويات، مذكرة ماجستير، جامعة سعد دحلب بالبليدة-كلية الآداب والعلوم الإجتماعية، قسم اللغة العربية وآدابها.

- براندل،اندرو وآخرون ( ٢٠٢١ ) الأدب والأنثروبولوجيا- النص، المؤلف، فعل القراءة/ اختيار وترجمة : هناء خليف غنى، ط١، دارالمأمونللترجمة والنشر، بغداد.

- بوعديلة، غنية، عفايفية، سارة ( ٢٠١٩-٢٠٢٠ ) مقاربة انثروبولوجية لروايه طوق الياسمين لواسينى الأعرج، مذكرة ماستر، جامعة٨ماي ١٩٤٥قالمة، كليةآداب واللغات. جزائر.

- تيلوين، مصطفى ( ٢٠١١ ) مدخل عام فى الانثروبولوجيا ( ط ١ ) ، دار الفارابى، لبنان- بيروت.

- خالد، سعسع ( ٢٠٢٠ ) الاشكال الفنية عند التوارق بين المسرح والسينما- مقاربة انثروبولوجية، جامعة وهران١، مجلة آفاق سينمائية، المجلد٧، العدد ٢، الجزائر.

- دوران، جيلبير ( ١٤٢٦هـ- ٢٠٠٦م) الانثروبولوجيا رموزها، اساطيرها، انساقها، ترجمة: مصباح الصمد، الطبعة الثالثة، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت.

- راغب، الدكتورنبيل (٢٠٠٣) موسوعة النظرية الادبية، الطبعة الاولى، الشركة المصرية العالمية للنشر، مصر.

- سعيد، ادوارد ( ١٩٩٢ ) تمثيل التابع والمحاورون الانثروبولوجيون، فصول مجلة النقد الادبي، عدد ٢، مجلد الحادى عشر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

- شارلوت، سميث (٢٠٠٩) موسوعة علم الانسان ، المفاهيم والمصطلحات الانثروبولوجية، الطبعة الثانية، ترجمة: مجموعة من الباحثين، مركزالقومى للترجمة، مصر،قاهرة.

- علاق، فطيمة (٢٠٢٠-٢٠٢١) الحضور الانثروبولوجىفى رواية: أنا وحايم" ل: الحبيب السائح، مذكرة الماستر، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، كلية الأدب واللغات، قسم اللغة والأدب العربى، جزائر.

- فارس،سيدمحمدعلى(٢٠٢٤ ) الدولة اليوميةوالارتياب السياسي: بحث في الانثروبولو جيا السياسية، مجلة حوليات الآداب والعلوم الاجتماعية، مجلس النشر العلمي، الرسالة ٦٥١، الحولية (٤٤)، جامعة الكويت.

- فهيم، حسين ( ١٩٨٥ ) قصة الانثربولوجيا- فصول فى تاريخ علم الانسان، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

- لنتون،رالف ( ١٩٦٧ ) الانثروبولوجيا و ازمة العالم الحديث، ترجمة، عبدالملك الناشف، بدون طبع، بيروت، مؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر، نيويورك.

- مبروك، سناء ( ٢٠٢٢) رؤية تحليلية لملامح تطور الانثروبولوجيا الاجتماعية الموضوع والمناهج والمجالات، المجلة الاجتماعية القومية، المجلد التاسع والخمسون، العدد الثانى.

- ناريمان، وعبة، ليلة،قاسمى (٢٠١٩-٢٠٢٠) الانثروبولوجيا الروائية، رواية (خطوةفى الجسد) لحسين علام- مقاربة انثروبولوجية ثقافية. مذكرة ماجستير، جامعة بجاية،كليةآداب واللغات، جزائر.